# ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی" لەڕووی فۆنۆلۆژی، مورفۆلۆژی، سینتاکس و سیمانتیکسدا

د. سەعد قازی

بەشی فارسی - کۆلێژی زمان - زانکۆی سەلاحەدین - هەرێما کوردستانێ/ عیراق

**پوختە**

زمانناسی ئەو زانستەیە کە بە شێوەی زانستی لە زمان دەکۆڵێتەوە. هەر جۆرە دەقێک بە پێی زەمەن و شوێن و بێچم و ناوەڕۆکەوە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی زمانییە و دەکرێت، لە سوێنگەی زانستی زمانناسییەوە بخوێندرێتەوە و شی بکرێتەوە. بە پێی بەدواداچوونی توێژەر، بەڕادەی پێویست، خوێندنەوەی زمانناسانە بۆ ئەو دەقە ئەفسانەییانە نەکراوە کە بە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست نووسراونەتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە دەقە ئەفسانەییەکان بابەتگەلێکی گونجاون بۆ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە. ئەم لێکۆڵینەوەیە، بە پێی زەمەن و بارستە و ناوەڕۆکەوە، ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی" بە دەقێکی گونجاو زانیوە بۆ ئەوەی لە چوار ئاستی: ١. فۆنۆلۆژی، ٢. مۆرفۆلۆژی، ٣. سینتاکس و ٤. سیمانتیکسەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەدا بکات. پرسیاری ئەم توێژینەوەیە ئەوانەر بوون: ئەلف: دیاردە زمانییەکان لەم ئەفسانەیەدا بە چ شێوەیەک ڕەنگیان داوەتە؟ بێ: تایبەتمەندییەکانی زمانی لەو دەقەدا چۆنن و جیاوازییەکانیان لەگەڵ زمانی کوردی ئەمڕۆدا کامانەن و جێ: زمانی کوردی لەو دەقەدا بە بەراورد لەگەڵ کوردی ئێستا چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە؟ بۆ نموونە بە دوای ئەم پرسیارەدا گەڕاوە کە دەنگ و وشە لەم دەقەدا، بە بەراورد لەگەڵ ئەو زمانەی لە ئێستادا بەکاردەهێندرێت چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە؟ ڕێژەی ئەم ئاڵوگۆڕانە چەندن و ئاڵوگۆڕەکان بە چ شێوەیەک ڕوویانداوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە، وەک نموونەیەک، هەوڵیداوە بە جۆرێک نیشانی بدات کە زمان لە درێژەی زەمەندا، بە هۆی شوێنی گێڕانەوە و پێگەی چینایەتی ئەو کەسەی دەقەکە دەگێڕێتەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی لە فولکلۆردا کە دەق بە شێوەی زارەکی و پشتاوپشت گوازراوەتەوە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە لە ڕووی زانستی زمانناسییەوە چەندایەتی و چۆنایەتی ئەم گۆڕانکاریانە دیاری بکات. ئەم توێژینەوەیە، بۆ بەدواداچوون بە دوای چارەسەری پرسەکەی و بۆ دۆزینەوەی وڵامی پرسیارەکەی، تایبەتمەندییە زمانییەکانی ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی" خوێندووەتەوە، وەسفی کردوون، شیی کردوونەتەوە، لێکیداوەنەتەوە، لە چوار ئاستی

فۆنۆلـۆژی، مورفۆلـۆژی، سـینتاکس و سیمانتیکسـدا هەڵیسـەنگاندوون و، لەم ڕوویـانەوە، بەشـێک لە جیاوازییەکـانی لەگەڵ زمـانی ئێسـتا دۆزیـوەتەوە و بە کۆمەڵێـک ئاکـام گەیشتووە. بۆ نموونە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا، لە وشەی وەک "تولف"دا کە مەبەست "تفل"ە شوێنی دوو فۆنیمی "ل" و "ف" گۆڕدراون یا فۆنیمی "ق" لە وشەی "مەقسوود" دا بووە و بە "خ". لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا کۆمەڵێک وشەی وەک بیرون و ویڵداش بەکار هاتوون کە لە کوردی ئەمڕۆدا بەکارناهێنرێن. هەروەها لە ئاستی سینتاکس و سیمانتیکسدا ئەم ئالۆگۆڕانە لە زاراوە و ڕستەی وەک "بێ سوحبەتی" و "نە بکەبرێنی و نە بسەبرێنی"دا دەبیندرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** *ئەفسانە، شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، زمان، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس.*

## پێشەکی

لێکۆڵینەوەی زمانناسانە ڕۆڵێکی گرنگیی لە وەسف و لێکدانەوەی دەقدا هەیە و بە بەردی ژێرخانی هەڵسەنگاندنی دەق ئەژمار دەکرێت. ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی زمانناسانەی ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی". زمانناسی لقی جۆراوجۆری هەیە کە بۆ نموونە دەتوانرێت، ئاماژە بە زمانناسی تیۆریک، زمانناسی مێژووییانە، زمانناسی کۆمەڵایەتی و هەتا دوایی بکرێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەم دەقەی لە ڕووی زمانناسی تیۆریکەوە لێکداوەتەوە و لە زمانناسی تیۆریکیشدا لە چوار ئاستی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس و سیمانتیکسدا کاری لەسەر کردووە. هۆیەکەشی ئەوە بووە کە ئەفسانە، بە گشتی، لە ڕووی ئەدەبییەوە خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەڵام کەمتر لە ڕووی زمانەوانییەوە لێکدانەوەی بۆ کراوە. خاسمە ئەم ئەفسانەیە لە ڕووی زمانناسی تیۆریکەوە لێکدانەوەی بۆ نەکراوە. ئەم توێژینەوەیە پێی وایە کە لێکدانەوەی زمانناسانەی دەقی ئەفسانەیی و فولکلۆری بۆ نەتەوەی کورد لە نەتەوەکانی دیکە گرنگترە. چونکە نەتەوەکانی دیکە خاوەنی هەزار ساڵ دەقی نووسراوی بەربڵاون و بە ڕەوتێکی ئاسایی گەشەی زماندا تێپەڕیون، بەڵام زمانی کوردی بە هۆی بارودۆخی سیاسی و جوگرافی و کۆمەڵایەتییەوە ئەم هەلەی بۆ نەڕەخساوە. لە ئێستادا لێکدانەوەی زمانناسانەی دەقە فۆلکلۆرییەکان و دۆزینەوەی تایبەتمەندییەکانی زمان لەو دەقانەدا یاریدەی زمانناسانی کورد دەدات کە جۆری ڕەوتی گەشەی زمانی کوردی بخوێننەوە و لێکیبدەنەوە.

زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە و بابەتی وەک تێپەڕینی زەمەن، بابەت، شوێن و جوگرافیای جیاواز کاریگەریی لەسەر گۆڕینی زمان دادەنێن. بەو پێیە پرسیاری سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە ئاخۆ زمانی کوردی ناوەڕاست، لە باری فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی،

سینتاکس و سیمانتیکسەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟ ئەگەر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەم گۆڕانانە چین؟

ئەم لێکۆلینەوە بۆ گەڕان بە دوای وڵامی پرسیاری خۆیدا ئەفسانەی فۆلکلۆریی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی" هەڵبژاردووە. چونکە هەم ڕەهەندەکانی پێناسەی ئەفسانەی تێدا هەیە و هەم لە باری زمانناسی تیۆریکەوە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی زمانییە کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەی لەبارەدا نەکراوە. پێشنیازی ئەم لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە دیاردەی زمانی لە دەقی هاوشێوەدا بخوێندرێتەوە و وەسف بکرێت و شیبکرێتەوە، بۆ ئەوەی جیاوازییەکان و ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە درێژەی زەمەندا بەسەر زمانی کوردی هاتوون یا نەهاتوون، بدۆزرێنەوە.

## داتا و شێوازی لێکۆڵینەوە

داتای ئەم لێکۆڵینەوەیە دەقی ئەفسانەی فۆلکلۆری "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی"یە. شوێنی ڕوودانی چیرۆکی ئەم ئەفسانەیە ناوچەی پشدەرە کە کەوتووەتە باشووری کوردستان، چونکە ناوی شاخ و داخ و مووچە و مەزرای ناو ئەو ئەفسانەیە هی ئەو ناوچەیەن. هەر بەو پێیەش سەر بە شێوەزاری کوردی ناوەڕاستە و لە هەرکوێی ئەم وتارە باس لە زمانی کوردی کرا، مەبەست شێوەزاری کوردی ناوەڕاستە. ئەم ئەفسانەیە لە لایەن چەندین کەسەوە گوتراوەتەوە. بۆ نموونە دەکرێت ئاماژە بە ڕەحمان بەکر، قالە غەریب، وسێن کەنیلە و حوسێن شەشە بکرێت. قادر فەتاحی قازی لە زمان ئەحمەد لوتفی ئەم ئەفسانەیەی نووسیوەتەوە و ئوسکارمان لە زمان مەحمەڵەوە تۆماری کردووە.

کورتەی ئەم ئەفسانەیە بەم شێوەیە: مام غەلیفە و مامادی برا بوون. شێخ فەرخ کوری مامادی و خاتوون ئەستی کچی مام غەلیفەی بوو. فەرخ لە زگی دایکیدا بەقسە هات و باسی خۆشەویستی ئەستی کرد. ئەستی چەند ساڵان لە فەرخ گەورەتر بوو. شەیتان خەبەری بە مام غەلیفەی گەیاند. مام غەلیفە لە ترسی سوڵتانی ئەستەمبووڵێ داوای لە دزان کرد فەرخی لە دایکی بدزن و بیخەنە بەر پێی وڵاغان بۆ ئەوەی بمرێ، بەڵام مەلائیکەتان خستیانە سەر بەردێکی مەڕمەڕ و یەکسمان پەنایان دا و تا بەیانی دەمیان بە دەمییەوە نا بۆ ئەوەی لەسەرمان نەمرێ. ئەستی داواکاری بۆ هات. فەرخ دوعای کرد دایک و بابی بمرن بۆ ئەوەی جگە لە ئەستی کەس نەبێ بەخێوی بکا و ئەستی مێردی نەکات. فەرخ لە لای ئەستی و بە عەشقی ئەستی گەورە دەبێ. شێخاڵی ناوێک بە شوانی و بە تەمای ئەستی دێتە ماڵە غەڵیفەی و بەو مەرجەی دەبێ بە شوان کە ئەستی بدەنێ. وسوو ئاغا ناوێکیش کە خزمی بەکرە شەیتانی ناو چیرۆکی مەم و زینە، عاشقی ئەستی چاوبەڵەک دەبێت، بەڵام بەو مەرجەی فەرخ خزمایەتی ئەو و بەکرە شەیتانی ئاشکرا نەکات، واز لە ئەستی دێنێت.

براکـانی بابیـان ڕازی دەکەن و ئەسـتی لە شـێخاڵی مـارە دەکەن و هەوڵـی کوشـتنی فەرخ دەدەن. فەرخ دەڕوا و دەچێتە شـامی و دەبێتە میـری شـامێ. ئەوجـار قورینگـی ئاسـمانێ بانـگ دەکـا و نـامەیەک بۆ خـاتوون ئەسـتی دەنێرێ. ئەسـتی خەبەری بـاب و برایـانی دەدا و سـەفەری شامێ دەکا. ٢٩ ڕۆژان لە لای فەرخی دەبێ و کاتێ دەگەڕێتەوە دەمرێ. ئەوجار فەرخ دەست لە میری و مەزنی شامێ هەڵدەگرێت و لە تاوان دەگەڕێتەوە و بەسەر هەواری خاڵیدا دەکەوێت. دەچێتە سەر مەزاری ئەستی. لەوێ ژیانی تەواو دەبێت و لە پەنا ئەستی دەینێژن.

هەرچەند هەندێک کەس زاراوەی "ئوستوورە" (Legend) و "ئەفسانە" (myth)بە یەک دەزانن، (کراپ، آبراهام، مالینوفسکی، کازنو، & استروس، ١٣٩١: ١)، بەڵام وەک دەریا بندری باسی دەکات ئوستوورە و ئەفسانە دوو بابەتی جیاوازن. ئەو ئەم دوو زاراوەیە بە جیا دەزانێ و بۆ پێناسـەکردنی زاراوەی ئەفسـانە پشـت بە فەرهەنگـی سـێیەم و نـوێی نێـونەتەوەیی وێبسـتێر (Webster’s Third New International Dictionary) دەبەسـتێت (دریابنـدری، ١٣٧٩: ٢٥ و ٢٦). ئەو دەڵێ: لە ئەفسانەدا بە شێوەیەکی خەیاڵاوی باسی مرۆڤ و ئەخلاق و فەرهەنگ و مێژوو دەکرێـت، کەچـی ئوسـتوورە بە شـێوازێکی هێمـایی بـاس لە متافیزیـک و خوداکـان و پیرۆزییەکـان و جـۆری تێڕوانینـی مـرۆڤ بە جیهـان دەکـات. دەریابەنـدەری دەڵـێ: ئەفسـانە ڕابـردووی فەرهەنگـی گەلان نیشـان دەدات، کە لەودا دیـن و فەلسـەفە و مێـژوو و زانسـتی گەلان لە چوارچێـوەی داسـتانی خەیاڵیـدا دەگێـڕدرێتەوە (دریابنـدری، ١٣٧٩: ١٩). کەواتە لە پێناسـەی ئەفسـانەدا دەکرێت بگـوترێ: **ئەفسـانە چیـرۆکێکە کە بە شـێوەی شـیعر یـا پەخشان هونراوەتەوە و بە شێوەی زارەکی پشتاوپشت گوازراوەتەوە و لە پەنا ئاگردانان گێـڕدراوەتەوە و بە پێـی تێپەڕیـوونی زەمەن و ڕاوێـژی بێـژەرەکەی، زەمـانەکەی لە ڕووی جۆراوجـۆرەوە گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە. بـنج و بنـاوانی ئەفسـانە دیـار نیـیە. هەرچەنـد بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە کە لەوانەیە ڕەهەندی مێژوویی هەبێت، بەڵام بە تەواوی جێگەی متمانە نییە. لە ئەفسانەدا باس لە ئایین، باوەڕ، بارودۆخی چینایەتی و ڕەگەزی، دابونەریت، پێکهـاتە کۆمەڵایەتییەکـان و ڕووداوە سروشـتییەکان دەکرێـت. جـاری وایە مـاکەی جادووگەری و شەیتانی لە ئەفسانەدا ڕۆڵ دەبینن، بۆ نموونە لە ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی"دا بوونەوەری سەیروسەمەرەی وەک ڕمووزنە هەن. هەروەها ڕووداوی خەیاڵاوی و عیری واقیعی دەبیندرێت، بۆ وێنە، منداڵ لە زگی دایکیدا قسە دەکات و ئاژەڵان پارێزگاری لە شێخ فەرخ دەکەن و لە شوێنی جۆراوجۆر یارمەتی دەدەن.**

لە ڕووی خوێنـدنەوەی ئەم ئەفسـانەیەوە دەردەکەوێـت کە کـوردیش وەک زۆربەی گەلانی جیهان خاوەنی کۆمەڵێک دەقی ئەفسانەییە. ئەفسانەکان شوێنی دۆزینەوەی جۆری بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵگەی کوردییە و جۆری تێگەیشتنی کورد لە جیهانی دەوروبەر

و هەروەها جۆری فەرهەنگ و دابونەریت و بارودۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان لە سەردەمە جۆراوجۆرەکان نیشان دەدا و یارمەتی مرۆڤ دەدا کە جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد لە قۆناخە جۆراوجۆرەکاندا و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بناسێتەوە و لە ڕێگەی ئەوانەوە بیرکردنەوەی ئێستای کۆمەڵگای کوردی باشتر درک بکات. هەرچەند ئەفسانە خاوەنی تایبەتمەندی ئەخلاقی پەسەند کراوە و بەسەرهاتێکی مێژوویی دەگێڕێتەوە، بەڵام زۆرجار بە ناحەقیقی وەسف کراوە. بۆ نموونە میرچە ئیلیاد دەڵێ: یۆنانییەکان پێیان وا بووە کە ئەفسانە بایەخی ئایینی و متافیزیکی نییە. ئەو لە پێناسەی ئەفسانەدا دەڵێ: ئەفسانە جۆرە چیرۆکێکە کە لەودا بوونەوەرە مێتافیزیکییەکان بە کرداری خۆیان ڕووداوەکان بەرهەم دێنن (میرچە، ١٣٦٧: ١١) وەک ئەوەی تا ڕادەیەک ئەم بابەتە لە ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی"دا دەبیندرێت. بۆ نموونە شەیتان و ڕموزنە و سیحر و جادوو ڕۆڵێکی گرنگ لەو چیرۆکەدا دەبینن.

ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی" لە چوارچێوەی بەیتدا گوتراوە و لەسەر کێشی بڕگەیی هۆنراوەتەوە. فەرخ بە واتای بچووکە. ئەو ناوە ناوێکی نامۆیە و کەمتر بیندراوە کە کورد ئەم ناوە لە منداڵی خۆیان بنێن. خات و خاتوو خاتوون بە واتای یای و خانم دێ و بۆ دیاریکردنی پلەی ژن بەکاردەهێنرێن و خاتوون بەرزترین ئاستی پلەی ژن نیشان دەدا. ئەستی کە پێدەچێ هەمان هەستی بێت بە واتای بوون دێت و لە دەقی قادر فەتاحی قازی (فتاحی‌قاضی، ١٣٥١: ٤٥) و ئوسکارمان (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١١ تا ٣٨٩)دا بە یەک شێوە بەکارهێندراوە. ئەم توێژینەوەیە هەر دوو دەقی قادر فەتتاحی قازی و ئوسکارمانی خوێندووەتەوە کە هێمن موکریانی جارێکی دیکە بە کوردی نووسیویەتەوە. ئەم دوو دەقە هەندێکیان جیاوازی لەگەڵ یەکتر هەیە. ئەم توێژینەوەیە، بە هۆی ئەوەی دەقەکەی ئوسکارمان خاوەنی وردەکاری و وردبینی زیاترە و قەبارەکەی گەورەترە، ئەوی بە نموونە هەڵبژاردووە.

هەرچەند زمانی دەقە ئەفسانەییەکان بە هۆی ئەو کەسانەی کە گێڕدراونەتەوە، بەڕۆژ کراوەتەوە، بەڵام، سەرەڕای ئەمەش، دەکرێت کۆمەڵێک جیاوازی لە نێوان زمانی کوردی ئەو دەقانە و کوردی ئەمرۆدا بدۆزرێتەوە و بە یارمەتی ئەو خوێندنەوانە ڕەوتی ئاڵوگۆڕی زمان لە ڕابردوو بۆ ئێستا و لە ئێستاوە بۆ رابردوو شیبکرێتەوە. وەک عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا دەڵێ: زمانەوان ئەو کەسەیە کە هەوڵی دۆزینەوەی نهێنییەکانی ئەو کەرستە ئەنتیکەیە، واتە نهێنییەکانی زمان، دەدات. هەروەها لە زمان مهدی باقرییەوە دەڵێ: زمانەوانی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زانستیانە لە زمان (عەبدولسەلام نەجمەدین، ٢٠٠٢، ٢٠٠٣: ٥). ئەم لێکۆڵینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی زمانناسانەیە و لە ناو لقەکانی زمانناسیدا زمانناسیی تیۆریکی دەست نیشان کردووە. پشتی بە باوەڕی محەمەد مەعرووف بەستووە کە پێی وایە زمان سێ ئاستی سەرەکی هەیە کە بریتین لە ڕستەسازی، وشەسازی و

دەنگسازی و، جگە لەوانەش، سیمانتیکی بە بابەتێکی دیکەی زمانەوانی زانیوە و باوەڕی وا بووە کە دەکرێت لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئاستەی زمانناسیدا دەقێک بخوێندرێتەوە و شیبکرێتەوە کە بریتییە لە لێکدانەوەی واتای سەرەکی دەق (محمد معروف، ٢٠١١: ٥٤ و ١٦٠). لەم ڕوویەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵی داوە، لە ڕووی ئەو چەند لقەی زمانناسیی تیۆریک، لێکۆڵینەوە لەبارەی دەقی ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی"دا بکات: ١. فۆنۆلۆژیی (Phonology) یا دەنگسازی: لەو بەشەدا لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی بزوێن و نەبزوێن دەکۆڵدرێتەوە. بۆ نموونە ئەو دەنگانەی کە لەو ئەفسانەیەدا ئاڵ و گۆڕیان بەسەردا هاتووە وەک ئەوەی دەنگی "ق" لە وشەی "مەقسوود" دا بووە بە "خ" واتە بووە بە "مەخسوود". ٢. مۆرفۆلۆژیی (Morphology) یا وشەسازی: لەم بەشەدا لە پێکهاتەی وشە و پێکهاتە و چۆنییەتی دروستبوونی وشەکان دەکۆڵدرێتەوە. ٣. سینتاکس (Syntax) یا ڕستەسازی: بەم پێوانەیە هەوڵ دراوە بزانرێت کە ڕستە لەو ئەفسانەیەدا بە چ شێوەیەک داڕێژراوە. ئاخۆ جیاوازییەک لە نێوان داڕشتنی ڕستە لەو ئەفسانەیەدا، لەگەڵ زمانی ئێستادا هەیە؟ ئەگەر هەیە چۆنە و تایبەتمەندییەکانی زمانی ئەو جۆرە داڕشتنە چین؟ ٤. سیمانتیکس (Semantics) واتاسازی: ئەو ئەفسانەیە بەو مەبەستە لە ئاستی سەمەنتیکسدا خوێندراوەتەوە، بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئاخۆ گەیاندنی مانا لەم دەقەدا بە چ شێوەیەکە و جیاوازییەکانی لەگەڵ کوردی ئەمڕۆدا چۆنە؟ ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەشی لەبەرچاو بووە کە ئەو دەقە بە شێوەی بڕگەیی و لە چوارچێوەی بەیتدا هۆنراوەتەوە و هەر لە سەردەمی خۆشیدا، بە بەراورد لەگەڵ زمانی ئوتۆماتیکی ئەو سەردەمە، کۆمەڵێک جیاوازی هەیە و لە هەندێک شوێندا لە زمانی شیعر نزیک دەبێتەوە.

## باس و گفتوگۆ

### 1. فۆنۆلۆژی (Phonology) یا دەنگناسی:

لەو بەشەدا لێکۆڵینەوە لەو دەنگانە کراوە کە جۆر و شوێنەکانیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. واتە ئەو ئاڵوگۆڕ و جیاوازیانە وەسف و شیکراونەتەوە کە لە فۆنیم و بزوێن و نەبزوێنەکانی زمان، چ لە ڕووی شوێنی ئەوان و چ لە ڕووی جۆری ئەوان، لە ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی"دا، بە بەراورد لەگەڵ کوردی ئەمڕۆدا، ڕوویان داوە. هەروەها لەوەی کۆڵیوەتەوە کە ئەو ئاڵوگۆڕانە لە کوێ ڕوویانداوە و چۆن ڕوویانداوە و بۆچی ڕوویانداوە و چ کاریگەرییەکیان لەسەر جۆری دەربڕین و گەیاندنی مانا هەبووە.

١. ١. لە زۆر شوێن فۆنیمی "ق" جێگەی خۆی داوە بە فۆنیمی "خ" یا دەنگی "ع" بووە بە "ح".

لە زمانی کوردیدا زۆر جار ئەم گۆڕانکارییە ڕوودەدات. هەرچەند دەنگی "ق" و "خ" واتا سازن و دوو لە دەنگە سەرەکییەکانی زمانی کوردین، بەڵام بە هۆی ئەوەی لێک نزیکن بە کەمی واتا دەگۆڕن و بە دەگمەن بیسەر تووشی سەرلێشێواوی دەکەن. بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کە ئاڵوگۆڕەکە ڕوودەدا، مانا سەرەکییەکە ناشێوێت. لە ڕووی دەربڕینەوە، بە هۆی ئەوەی شوێنی دەربڕینی ئەم دوو دەنگە تا رادەیەک جیاوازە،

دوای بڕگەی "مە" لە وشەی "مەقسوود"دا، گۆڕینی نەبزوێنی "ق" بە "خ" دەبێتە هۆی ئەوەی نەبزوێنی "ق" بە "خ" دەبێتە هۆی ئەوەی دەربڕینی وشەکە ئاسانتر بێتەوە.

١. ١. ١. گۆڕینی دەنگی "ق" بۆ "خ"، لەو ئەفسانەیەدا، لە وشەی وەکوو "مەخسوود" کە مەبەست "مەقسوود"ە و "تەخسیر" کە مەبەست "تەقسیر"ە زۆر دەبیندرێت. بۆ نموونە لە لاپەڕەیەکدا سێ جار دووبارە بووەتەوە و دواتر لە لاپەڕەکانی دیکەشدا بە هەمان شێوە ئەم گۆڕانە ڕوویداوە.

"مەخسوود" و مرادم هەر تک چاوی بەڵەکە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١١)
"مەخسوود" و مرادم هەر تک چاوی دە تۆیە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١١)
"مەخسوود" و مرادم لە هۆرتک چاوی خاتوون ئەستییە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١١)
"مەخسوود" و مرادیشم خاتوون ئەستییە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١٤)
"ئەوجار ئەمن و توو لێک دەبینین مراد و مەخسوودمان دەبێ تەواوە" (ئوسکارمان،
"ئەوجار مەڕی خۆم دەلەوەڕێنم بە بێ تەخسیرییە" (ئوسکارمان،٢٠٠٦: ٣٤٦) ٢٠٠٦: ٣٣٥)

١. ١. ٢. گۆڕینی دەنگی "ع" بە دەنگی "ح" و پێچەوانەکەی جیاوازییەکە کە لە گۆڕینی دەنگێک بە دەنگێکی دیکەدا، لەم ئەفسانەیەدا دەبیندرێت.

"ڕۆنیشتن و ئیستراعەتیان کرد تەواوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٤٣)
"بزانین مەسلەعەتمان چۆن دەبێ دەگەڵ ئەو میوان و شێخانە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٧٦)
"ئەی پیرێژن ئەی مامانچی دەموحتەبەرن"
دەنا قەت بووە منداڵی یەک ساحەتە دە زگی دایکیدا بکا قسانە" (ئوسکارمان،٢٠٠٦:٣١٣)

جێنشینی ئەم دەنگانە (ع و ح) کە شوێنی دروستبوونەکەیان لێک نزیکە و بە دەنگی گەروویی ناوزەد کراون (عەبدولسەلام نەجمەدین، ٢٠٠٢، ٢٠٠٣: ٥١)، نیشان دەدا کە ئەو دەنگانە لای بێژەری ئەم ئەفسانەیە، لە هەندێک شوێن بە جیا نەزانراوە. واتە بە هۆی ئەوەی دەنگەکان جێگەی یەکتر دەگرنەوە، پێدەچێت کە بەیت بێژەکە لە هەندێک شوێن، شوێنی ڕاستەقینەی ئەم دوو دەنگەی لە یەکتر جیا نەکردبێتەوە. واتە ئەم جێنشینییە تەنیا پەیڕەوی لە ئاسانکردنەوە و ئاساندەربڕین نەکردووە.

### ١. ١. ٣. گۆڕینی دەنگی "ل" بە دەنگی "ن"

"سوڵتان خەڵاتی بۆ قەرارکرد، ئەنقابی میرایەتی لێناوە" (عەبدولسەلام نەجمەدین،٢٠٠٢، ٢٠٠٣:٣٢١)

جێگۆڕکێی دەنگی "د" و "ب"
دەشقەم خاتوو ئەستیم بەوێ بەچاوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٢٢)

**١. ١. ٤. گۆڕینی دەنگی "س" بە دەنگی "ز"**

"خوشکێ وەختە خەڵاز بێ، یاسینێکمان لەسەر بخوێندایە، بڵا مندار نەبێتەوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٤٠)

"ئەوە لە ڕازی کانییە دەچم" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٣٩)

**١. ١. ٥. گۆڕینی دەنگی "ع" بۆ دەنگی "ئ"**

"بۆ خۆشەویستی حەزرەتی ئیسای ڕوحوڵڵا یەک یەک زیندوو کراوەتەوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٤٣)

**١. ١. ٦. گۆڕینی دەنگی "د" بۆ دەنگی "ڕ"**

"یەکی چاک ببژێرن، بەرن دەڕێی خوڵایڕا ئەوە لە جیاتی زەکاتێ" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٤٨)

**١. ١. ٧. گۆڕینی دەنگی "د" بۆ دەنگی "ن"**

"ئێستا دایکم هەموو ڕۆژێ دەمکا بۆسۆ و بەنناوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٤٩)

**١. ١. ٨. گۆڕینی دەنگی "ع" بۆ دەنگی "و"**

"ئەوە ماڵی تۆیە، هیچ تەوەلوقی منی بەسەرەوە نەماوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٥٥)

**١. ١. ٩. گۆڕینی دەنگی "ع" بە "خ"**

"فەرخ دەڵێ:لەورۆ بەدەرهیچ میوان بە شەتیداودییەی نەکا ئیختوبارێ"(ئوسکارمان، ٢٠٠٦:٣٦٣)

**١. ١. ١٠. گۆڕانی دەنگی "غ" بۆ دەنگی "ق"**

"جوانوویەکی قوڵەی پێیە، مندالێکی نابالقی سوار بووە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٧١)

**١. ١. ١١. گۆڕانی دەنگی "گ" بۆ دەنگی "غ"**

"تێلغوراف بۆ سوڵتانی کراوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٧٧)

**١. ١. ١٢. گۆڕانی دەنگی "خ" بۆ دەنگی "ق"**

"خوڵای لە شەرافەتی پێغەمبەری دروستی دەکرد دۆزەق و بەهەشتە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١٢ )

"جوانوویەکی قوڵەی پێیە، مندالێکی نابالقی سوار بووە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٧١)

**١. ١. ١٣. گۆڕانی دەنگی "خ" بۆ دەنگی "غ"**

هاتۆتە خزمەت مەم غەلیفەی، ئیکلامی کێشاوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٣٢)

**١. ٢. گۆڕینی شوێنی دەنگەکان**

"شەیتان ڕمووزن بوو مەفح کراوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١٥)

مەفح- مەحو

"ئەمن چبکەم لە فەرخۆڵە و لە تولفی ساوا" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١٩)

تولف – توفل

**١. ٣. ١. گۆڕانی بزوێنەکان**

گۆڕانی بزوێنی "ێ" یا "وو" بۆ "ۆ"

ئەتوو بۆ لە جوانوولەی من دەپسێنی پۆست و گۆشت و دەماران" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٦٥)

**١. ٣. ٢. گۆڕانی بزوێنی کورت بۆ بزوێنی درێژ**

میر هەڵیگرت کەشکۆڵێک، دارعاسایەکی تەواوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٦٨)

**١. ٣. ٣. گۆڕانی بزوێنی کورتی "ە" بە بزوێنی کورتی "ێ"**

"لەوڕۆ بەدەر کەس بە شەتی داودیە نەکا متمانێ" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٦٣)

وەک محمد معروف باسی دەکات، ئەم گۆڕانکاریانە هەڕەمەکی نین و بە پێی یاسا و ڕێسای تایبەت ڕوودەدا. واتە لە ڕووی فۆنەتیکەوە دوو دەنگی نزیک لە یەکتر جێ گۆڕکێ دەکەن (محمد معروف، ٢٠١١: ٣١٩). بۆ نموونە: ("س" و "ز") و (ل و ڵ) دەنگی پووکین یا "ع" و "ح" گەروویین. هەر لەبەر ئەوەشە کە گۆڕانکارییەکان، لە زۆرتەنیا لە چەند دەنگێکی تایبەت و بۆ سەر چەند دەنگێکی تایبەت و نزیک لەو دەنگەی گۆڕانی بەسەردا دێت ڕوو دەدەن.

١. ٤. یەکەیەکی گەورەتری دەنگی هەیە کە لەودا دانە دەنگییەکان دەچنە سەر یەک وبڕگە دروست دەکەن (محمد معروف، ٢٠١١: ٥٦). بڕگە ئەو گرووپە دەنگییەیە کە بە یەکجار بەیان دەکرێت و لە ڕووی دەربڕینەوە، بە بەراورد لەگەڵ بەیانکردنی زەمەنی نێوان بزوێن و نەبزوێنەوە، زەمەنییەکی زیاتر دەگرێتەوە و بە بەراورد لەگەڵ زەمەنی وەستانی نێوان دوو وشە کاتێکی کەمتر تەرخان دەکات و بەم شێوەیە لە کۆمەڵە دەنگی پێش خۆی و دوای خۆی جیا دەکرێتەوە. ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی" لەسەر کێشی بڕگەیی هۆنراوەتەوە. واتە هاوئاهەنگی بڕگە لە دێڕەکانی ئەم دەقەدا ڕۆڵێکی گرنگی لە بە مۆسیقایی کردنی ئەم دەقەدا بینیوە. سەروا کە لە هەماهەنگی چەند دەنگێک لە نێوان وشەی جیاوازدا بەرهەم دێت، یەکێکی دیکە لەو بابەتانەیە کە مۆسیقای دەرەکی ئەم ئەفسانەیەی لەسەر

دامەزراوە و ڕیتم و ئاوازی بەو دەقە بەخشیوە و ئەو دەقەی لە دەقێکی ئاسایی گواستووەتەوە بۆ دەقێکی مۆسیقایی. واتە لە ڕێگەی هاواهەنگی بڕگە و دەنگەوە، ئەم دەقە لە گێڕانەوەیەکی ئاساییەوە گۆڕاوە بۆ دەقێکی مۆسیقایی کە یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی شیعرە. مۆسیقای دەرەوەیی یا کەناری زۆربەی جاران لە کۆتایی دێڕەکاندا دەردەکەوێت، بەڵام لە هەندێک شوێن لە میانەی دەقەکانیشدا دەبیندرێت. ئەم بابەتە و ئەم جۆرە کایە کردنە بە دەنگ لەو ئەفسانەیەدا تاوتوێ کراوە و لە خوارەوە چەند دێڕێک وەک نموونە هێنراوەتەوە:

"بە ئاسمانێ کەم بە ڕۆژێ
ئەگەر بسکانم تاتای بکەم
کوڵمانم **بنەخشێنم**
**بترازێنم** کلیلی سینگ و مەمک و بەرکوژێ
تینێت بۆ **دەستێنم** لە مانگێ
تاریکی دە دنیایە دەخەم
شەبەقت بۆ **دەستێنم** لە ڕۆژێ" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٤٢)

هاواهەنگی لە نێوان بڕگە و هەروەها هاواهەنگی لە نێوان کۆمەڵێک دەنگ لە میانە و لە کۆتایی دێڕەکاندا تایبەتمەندییەکی مۆسیقایی بەم دەقە بەخشیوە.

ڕیز کردن و بە دوای یەکتردا هاتنی کۆمەڵێک نەبزوێن یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دەقەیە کە نیشان دەدا لەم دەقەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ دەنگ کراوە. ئەم تایبەتمەندییە زمانییە لە زۆر شوێنی ئەم دەقەدا دەبیندرێ.

**١. ٤. ١. دووبارە بوونەوەی سێ جار نەبزوێنی "خ" لە ناوی ئەم ئەفسانەیەدا:**

"شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی"

**١. ٤. ٢. یا دووبارە بوونەوەی نەبزوێنی "س" لەم دێڕەی خوارەوەدا:**

"چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ، مەمکت سێوی خوساری
دەگەڵ شێخاڵە کەچەلی خەساری" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٤٤)

**١. ٤. ٣. یا دووبارەبوونەوەی نەبزوێنی"ب" لەم دێڕەی خوارەوەدا:**

"دەبێ بچی ببی بە بێرییە
فەرخۆڵە هەر دەبێ دەگەڵ ئەتوو بێ
خۆ چ دایک و بابی دیکەی بۆ نینە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٤٥)

### ٢. مۆرفۆلۆژیی (Morphology) وشەناسی:

مۆرفیم بچووکترین کەرەسەی زمانە کە واتای هەبێت (محمد معروف، ٢٠١١: ٨٤). هەندێک وشە هەن لە یەک مۆرفیم پێک هاتوون و هەندێک وشە هەن کە پێکهاتەکەیان لە مۆرفیمێک زیاترە. وشە پیتێک یا کۆمەڵێک پیتە کە بەیەکەوە لکاون و بە سەر دوو بەشی سادە و ناسادەدا دابەش دەکرێن. وشەی سادە وشەیەکە کە لە باری مانایییەوە ناکرێت وردتر بکرێتەوە (محمد معروف، ٢٠١١: ٩١)، وەک وشەی "مانگ" یا "چاو". مۆرفۆلۆژی یەکێک لە لقەکانی زمانناسییە کە لە سوێنگەی ئەوەوە دەکرێت، ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە وشەدا ڕوودەدەن لێکبدرێتەوە. یەکێک لەو ئاستانەی کە لە زماندا گۆڕانی بەسەردا دێت وشەی سادە و وشەی لێکدراو و وشەی داتاشراوە. لەو بەشەدا لە پێکهاتەی کۆمەڵێک وشە دەکۆڵدرێتەوە کە پێکهاتەکەیان بە بەراورد لەگەڵ هەمان وشە لە ئێستادا جیاوازیان هەیە. ئەو وشانە یا لە زمانەکانی دیکە وەرگیراون، یا ئەوەیە هی زمانی کوردین و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و لە ئێستادا بەم شێوەیە بەکارناهێنرێن. لەم بەشەدا چۆنییەتی ئاڵوگۆڕی وشە تاک مۆرفیمییەکان و هەروەها چۆنییەتی ڕۆنانی وشە لێکدراو و داتاشراوەکان شی دەکرێتەوە.

**خوڵێیە**

وشەی خوڵێیە وشەیەکی ناسادەیە و لە دوو بەش پێک هاتووە: خوڵێ + یە. "یە" پاشگرێکە کە بۆ بانگکردن دەکەوێتە سەر ناوی پێش خۆی. ئەم وشەیە کە لەوانەیە بە هۆی لایەنی مۆسیقایی دەقەکە بەم شێوەیە بەکارهێندرابێت:

"شوکرم بە توو ئەی خوڵێیە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١١)

لە ئێستادا بە شێوەیە ڕۆنانی بۆ ناکرێت. بەڵکوو زیاتر دەگوترێت: خودایە و کورتکراوەکەی دەبێتە خوایە. وەک ئەوەی فایق بێکەس دەڵێ:

"خوایە وەتەن ئاوا کەی چەند دڵگیر و شیرینە"

لێرەدا گۆڕان هەم لە مۆرفیمی خودادا ڕوویداوە و هەم لە پاشگرەکەیدا. جیاوازی لە مۆرفیمی خودادا، جاری وایە بە هۆی شوێنی جۆراوجۆر ڕوودەدات و جاری واشە بە پێی گۆڕانی زەمەن و جاری واشە بە پێی پێگەی چینایەتی ئەو کەسەی دەقەکە دەگێڕێتەوە، کە ئەم توێژینەوەیە لای وایە هۆی جیاوازییەکانی ئەم وشەیە هەر سێک هۆ دەگرێتەوە. واتە بە پێی شوێن و زەمەن بارودۆخی کۆمەڵایەتی و چینایەتی ئەم گۆڕانە لەم وشەیەدا ڕوویداوە.

**هورتک**

"مەخسوود و مرادم لە هۆرتک چاوی خاتوون ئەستییە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١١)

وشەی "هورتک" وشەیەکی لێکدراوە. لە دوو وشەی هور و تک پێک هاتووە. هەرچەند لە هەندێک شوێن ئێستاش بەم شێوەیە بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە ئێستادا زیاتر دەگوترێت: هەردووک. بۆ نموونە دەگوترێت: هەردووک کتێبەکەم کڕی. لەم وشە لێکدراوەدا هەر دووک مورفیمەکان گۆڕاون. واتە بە جێگەی "هەر" "هور" و بە جێگەی "دوو" "ت" بەکارهێنراوە. ئەم گۆرانە جگە لە لایەنی زەمەنی لەوانەیە بەرهەمی گۆڕانی جوگرافیا یا جیاوازی نێوان زمانی ڕێنوسی لەگەڵ زمانی ئاخاوتن بێت.

**ڕۆنشتین**

"ڕۆنیشتن" کەسی یەکەمی کۆیە. وشەیەکی داتاشراوە کە لە پێشگری ڕۆ + نیشت + ین پێک هاتووە :

"خوشکێ چاومان نابینێ بەو شەوەی بڵا ئەمە ڕۆنیشتین لە کن ئەوەییە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١٣) ئەم ، لە ئێستادا، پێشگری "ڕۆ" بە دەگمەن بەکاردەهێنرێت و لە ئێستادا زۆرتر پێشگری "دا" بەکاردەهێنرێت و زیاتر دەگوترێ: "دانیشتین". واتە پێشگرەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و "ڕۆنیشتن" بووە بە "دانیشتن". بە هۆی ئەوەی ئیستاش لە هەندێک شوێن ئەم وشەیە، بەتایبەتی لە ئاخاوتنی هەندێک ناوچەدا بەکاردەهێنرێت، ئەم جیاوازییە تایبەتمەندیی جوگرافیایی یا ئاخاوتنی وەردەگرێت.

**مەفح**

"مەفح" ئەو وشەیە وشەیەکی سادەیە و لە یەک مۆرفیم پێک هاتووە:

"شەیتان ڕمووزن بوو مەفح کراوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١٥)

ئەم وشەیە هەمان وشەی "مەحو"ە کە بەم شێوەیە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. واتە دەنگی "و" بووە بە دەنگی ددانی "ف" دواتر جێگەی "ف" و "ح" گۆڕاوە. ئەم وشەیە لە ئێستادا کەمتر بەم شێوەیە بەکاردەهێنرێت و ئەگەریش بەم شێوەیە بەکاربهێنرێت تایبەتمەندی زمانی بازاری وەردەگرێت.

**دوودەری**

وشەی "دوودەری" وشەیەکی لێکدراوە کە لە دوو + دەری پێک هاتووە:

"هەرچەندی پەنجەرە و دوودەریان گەڕاوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١٥)

"دەر" بە واتای دەرکە و دەرگایە و لە فارسیدا بەم شێوەیە بەکاردەهێنرێت. دوودەری بە جۆرە درگایەک دەگوترێت کە لە دوو بەش پێک هاتبێت. لە سەردەمی ئێستادا ئەم جۆرە

دەرگایانە کەمن و ئەگەر هەشبێت، وشەی "دوودەریان کەمتر بۆ بەکاردەهێنرێت. لە دەقە فۆلکلۆرییەکاندا و لە ئازیزەدا ئەم وشەیە بەم جۆرە بەکارهێنراوە. بۆ نموونە:

"ئەوە نوێژی سبەینێ هەڵدەستام

دەمڕوانییە دوودەری و هەرامەتی بەر هەیوانێ

ئەوە دەهات ڕادەبرد ئەوێ کەلەگەتێ مەحبووبێ ناوەڵڵا هەرامەتی کراس کەتانێ"

(بەحری، ٢٠٢٠: ٢١٥)

**سەرەوێرانە**

سەرەوێرانە وشەیەکی لێکدراوە. لە دوو بەشی سەر + ە + وێرانە پێک هاتووە. واتە دوو مۆرفیم بە یارمەتی ناوگرێک وشەیەکی لێکدراویان دروست کردووە کە بە مانای فەوتان و مردن و لەناوچوونە و هاواڵکارە. واتە وێران بوونی سەرە و لەم ڕستەیەدا بەم جۆرە بەکارهێنراوە: "ڕووحیان دەکێشا کردیان سەرەوێرانە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١٨). ئەوە وشەیەکی دەگمەنە و لە کوردی ئێستادا، هەرچەند وشەی وەک ماڵوێران و بابانوێران بەکار دەهێندرێت، بەڵام وشەی سەرەوێران بەکار ناهێنرێت.

**تولف**

تولف وشەیەکی سادەیە کە جۆری دەنگ و جێگەی دەنگەکان لەودا گۆڕاوە و مەبەست تفلە.

"ئەمن چ بەکەم لە فرخۆلەی و لەو توفلی ساوا" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١٩)

واتە "ل" و "ف" شوێنەکەیان گۆڕاوە و هەروەها دەنگی "ڵ" بۆ "دەنگی "ل" گۆڕاوە. ئەم دەنگە لە زمانی فارسیشدا بە شێوەی "ل" گۆ دەکرێت. هۆی بەشێک لەو گۆڕانانە پەیوەستە بەو کەسەی کە ئەفسانەکە دەگێڕێتەوە و کۆمەڵێک وشەی بەم جۆرە دەربڕیوە کە لە ئێستادا یا بەکارناهێنرێت یا ئەگەر بەکاریش بهێنرێت بەم شێوەیە بەکارناهێنرێت. سەیفولقوزات مامی پێشەوا قازی محەمەد، کە مامۆستا هێمن بە مامۆستای شاعیرانی موکریانی دەزانێت (هێمن، ١٣٦٢: ٤٠)، وەک "تفل" باکاری هێناوە:

تفلی دڵم گرووی شەکەری لێوی گرتووە

بەو دوو هەنارە ژێری کەوە بیخە باخەڵێ (سەیفولقوزات، ١٣٦١: ٣٣)

**پاپە**

وشەی "پاپە" وشەیەکی سادەیە. هەمان وشەی "پەڵپ"ە کە بەم شێوەیە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بە مانای بیانوو و بەهانەیە.

"بابە چ بکەین ئەوە پاپەی گرتووە"

یا

"مەلا حەسەن پاپەی لە من گرتییە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٢٩ و ٣٧٥)

هۆی ئەم گۆرانکارییە بە وردی دیار نییە و یاسا و ڕێسایەکی ئەوتۆ بۆ ئەم جۆرە گۆرانکارییە نەدۆزراوەتەوە. وەک محەمەد مەعرووف دەڵێ: دەکرێ ئەم وشەیە و وشەی وەک تولف بە وشەی بازاری یا بە وشەی شکێنراو پێناسەی بۆ بکرێت (محمد معروف، ٢٠١١: ١٠٨).

**بە بێ قەیدییە**

ئەم وشەیە ئاوەڵکارە. لە پێشگر + ناو (بێ + قەیدی) پێک هاتووە و بە واتای بەسلامەتی و بە بێ گرفت هاتووە:

"فەرخیان بەڕێ دەکردەوە بۆ ماڵێ، ئەگەر گەییە جێ بە بێ قەیدییە

بە قەرەواشانی گوت: شیری بابم لە کوێیە؟ دیار نییە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٤١)

واتە بەسلامەتی و بە بێ ئەوەی گرفتێکی بێتە سەر ڕێی گەیشتەوە ماڵێ. ئەم وشەیە لە ئێستادا بەکارناهێنرێت. واتە وشەیەک نییە کە لە زمانی ئوتۆماتیک تەنانەت زمانی شیعردا سوودی لێ وەربگیرێت.

**تاراج**

وشەی "تاراج" لەم ئەفسانەیەدا لە دەرەوەی مانای خۆی بەکارهێنراوە:

"تەخت و تاراجمان دەکا تەواوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١٤)

لەم ڕستەیەدا وشەی تاراجی خستووەتە سەر وشەی تەخت و بۆ هەر دووکیان یەک جۆرە کاری بەکارهێناوە. لەم ڕوویەوە وا دەردەکەوێ کە تاراج بە تاج داندرابێ. وەک ئەوەی بگوترێ: تاج و تەخت یا تەخت و تاجمان تاراج دەکات.

**ئێلچی**

ئیلچی وشەیەکی داتاشراوی زمانی تورکییە و بە مانای ڕاسپاردە دێت. ئیلچی بەو کەسە دەگوترێت کە هەواڵێک دێنێ و دەبات و لەگەڵ وشەی تەتەر بەکاردەهێنرێت. "دەبوون بە تەتەر و ئێڵچییە" (ئوسکارمان ٢٠٠٦، ٣١٤). ئەم وشەیە کە لە ئێل + چی پێکهاتووە. لە ئێستادا وشەیەکی فەرامۆشکراوە و کەمتر بەکاردەهێنرێت. پاشگری چی کە دەخرێتە سەر ناو ئاوەڵناو دروست دەکات. "چی" کە بە ڕێژەیەکی زۆر لە زمانی

کوردیشدا بەکاردەهێنرێت، وەک ڕاوچی، بێگارچی، کەنکەنەچی و هەتا دوایی لە زمانی کوردیدا ڕۆڵی "کەر" دەگێڕێ. وەک ڕاوکەر و نانکەر.

**فرزەندە ٣٣٣، ٣٦١، ٣٧٣**

ئەم وشەیە بە واتای منداڵ (عەولاد) دێت و لە زمانی فارسیدا جێگەی خۆی کرووەتەوە و بە هۆی ئەوەی لە زمانی فارسیدا زۆر بەکاردەهێنرێت، دەکرێت، زیاتر بە وشەیەکی فارسی دابندرێت. لە ئەفسانەی "شێخ فەرج و خاتوون ئەستی" دا ئەم وشەیە چەندین جار بەکارهێنراوە، بۆ نموونە گوتراوە: "میر فەرمووی ئەی فەرزەندەی میوانە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٧٣). جیاوازییەک کە لە بەکارهێنانی ئەم وشەیەدا لە نێوان ئەم ئەفسانەیە و زمانی کوردیدا دەبیندرێت ئەوەیە کە لە فارسیدا تەنیا بۆ منداڵی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەو ئەفسانەیەدا بۆ جوانووش بەکارهێنراوە: "ئەی جوانوولە جوانوولەی سەر هۆزان/ چرای چاوی خۆم فرزەندی ڕەش بۆزان" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٦١). ئەم وشەیە لەم دەقەدا لە سێ شوێن بەکارهێندراوە. وەک تێبینی کراوە جۆری بزوێنەکانی ئەم وشەیە لە دوو زمانی فارسی و کوردیشدا جیاوازن[١].

**عەرزچی**

عەرزچی لە دوو بەشی عەرز + چی پێک هاتووە و بە واتای هەواڵبەر و پەیام بەر هاتووە. عەرز وشەیەکی عەرەبییە و ئەگەر چاوگی کوردی لێ دروست بکرێت، دەبێتە عەرزکردن و پێشاندان. چی پاشگری هاوەڵناوی بکەرییە و بەم شێوەیە لە چەندین شوێنی ئەم ئەفسانەیەدا لە لاپەرەکانی ٣٣٤، ٣٣٧، ٣٥٠، ٣٥٤ و ٣٦١دا بەکارهێنراوە: "ئەوە ئێرەشیان بۆ بەجێدێڵم، دەچمە دەرکی سوڵتانی ئەستەمبووڵێ، دەبم بە عەرزچییە!" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٣٧). وشەی "عەرزچی" و جۆری بەکارهێنانی ئەم وشەیە و کۆمەڵێک بابەتی دیکەی لەم چەشنە لە ناو ئەم دەقەدا نیشان دەدەن کە پەیوەندی نێوان کورد و دەسەڵاتی عوسمانی چون بووە. ئەوە بابەتێکی گرنگە و ئەم زەرووڕەتە نیشان دەدات کە ئەم دەقە و دەقە هاوشێوەکانی لە ئاستی کۆمەڵناسی زماندا خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیان تێدا بکرێت.

**موسەللەت**

ئەم وشەیە عەرەبییە (مسلط) و ڕیشەکەی بریتییە لە "س، ل و ط" ە بە واتای زاڵە. بە هۆی میمی سەرەتا و کێشەکەی ناوی بەرکارییە. ئەم وشەیە هەر بەم شێوەیە لە زمانی فارسیدا سوودی لێ وەردەگیرێت. ئەگەر پیاو ژنی لە پیاوی هەڵگرێ، ئەگەر چووەماڵێی،

---

[١] جێگەی سەرنجە کە لە زمانی فارسیدا ئەم وشەیە بە شێوەی "فەرزەند" گۆ دەکرێت، بەڵام لە ئەفسانەی شێخ فەرخ و خاتوو ئەستیدا، بە شێوەی "فەرزەندە" بەکارهێنراوە.

دەبێ دەگەڵی بە سوفەت بێ پیرە بارگین! هەڕۆ بڕۆ؛ هەتا لە دنیایە زیندووی، ئەو دەردە لەسەر تایفەی ئەنگۆ هەر موسەللەت بێ" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٦٥) ئەم وشەیە لە کوردی ئێستادا زیاتر بە شێوەی "زاڵ" بەکار دەهێنرێت.

**بیروون**

"بیروون" وشەیەکی سادەیە و بە واتای دەرەوە دێت و چاوگەکەی دەبێتە "بیروونکردن". ئەم وشەیە بە زۆری لە زمانی فارسیدا بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە دەڵێن" صدام کردها را از شهر کرکوک بیرون کرد" یانی سەدام کوردەکانی لە شاری کەرکووک دەرکرد. ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا بەکەمی بەکارهێنراوە و لە بەکارهێنانەکەی لە ئێستاشدا دەگمەنە. لە نموونەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەم شێوەیە بەکارهێنراوە: سەری دەتاشم، سواری کەرێی دەکەم، بیروونی دەکەم لە شاری داودییە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١٣)

**تاقیق**

"تاقیق" هەمان وشەی "تەحقیق" واتە لێکۆڵینەوەیە. لەم وشەیەدا بزوێنێکی کورتی "ئە" واتە فەتحە بۆ بزوێنی درێژی "ئـا" گۆڕاوە. هەروەها دەنگی "ح" لادراوە. لە ئاکامدا تەحقیق بووە بە تاقیق. "سبحەینێ کە ڕۆژ کراوە/ مەجلیسی تاقیقەی گیراوە/ بازی یەقینیان هێناوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٧٧). ئەم جۆرە گۆڕانکارییە لە وشە بە مەبەستی ئاسانکردنەوەی زمان ڕوودەدا. واتە دەربڕینی وشەی تاقیق لە وشەی تەحقیق ئاسانترە و لە ئێستادا ئەم وشەیە کەمتر بەکاردەهێنرێت و بە جێگەی ئەم وشەیە زیاتر لە وشەی لێکۆڵینەوە سوود وەردەگیرێت. جێگەی سەرەنجە کە وشەی لێکۆڵینەوە لە دەقێکی ئەفسانەییدا کە بە شێوەی بڕگەیی و مۆسیقایی داڕێژراوە، گونجاو نییە و تاقیق وەک وشەیەکی سواو باشتر دەتوانێ خزمەتی بە مۆسیقایی کردنی دەق بکات.

**وێڵداش**

"وێڵداش" بە واتای هاوڕێ و هەڤاڵ و یار و برادەرە و لە زمانی تورکی وەرگیراوە و هاتۆتە ناو زمانی کوردی و نزیکە لە وشەی وەک قارداش و گارداش. "وێڵداش شوانی هاتوە لەو لاوە/ هاتۆتە خزمەت مام غەلیفەی، ئیکلامی کێشاوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٣٢). لە ئێستادا کەمتر سوود لەم وشەیە وەردەگیرێت و ئەم وشەیە زیاتر جێگەی خۆی داوە بە وشەی هاوڕێ و هەڤاڵ و برادەر و هەتا دوایی.

لە ڕووی ئەم وشانەوە دەردەکەوێت کە وشە لە زمانی تورکییەوە گواستراوەتەوە نێو زمانی کوردی. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە سەدەی ١٣ میلادییەوە ئیمپراتووری عوسمانی لە سەردەستی نەتەوەی سەردەستی تورک دامەزرا و هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم درێژەی

کێشا (مهرداد، ١٤٠٢: مقدمه) و زۆربەی بەشەکانی کوردستان بەشێک بوون لەو ئیمپراتووریيەتە.

### ٣. سینتاکس (Syntax) یا ڕستەناسی:

دارشتنی ڕستە لە زمانی کوردیدا، وەک باقی زمانەکانی دیکە یاسا و ڕێسای خۆی هەیە. ئەو یاسا و ڕێسایە بە هۆی جۆراوجۆر گۆڕانی بەسەردا دێت. کەواتە یەکێک لەو ئاستە زمانەوانیانەی کە دەکرێت لە سوێنگەی ئەودا ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی" لێکبدرێتەوە و جیاوازییەکانی لەگەڵ زمانی ئوتۆماتیک و زمانی کوردی ئەمڕۆماندا بدۆزرێتەوە ئاستی سینتاکسە. جێگەی سەرنجە کە وەک محەمەد مەعرووف دەڵێ: بە بەراورد لەگەڵ ئاستەکانی دیکەی زماندا، گۆڕان لە ئاستی سینتاکسدا کەمتر ڕوودەدات (محمد معروف، ٢٠١١: ١٢٦). سەرەڕای ئەوەش گۆڕان لە هەندێک بواری سینتاکسدا، وەک ڕیزبوونی وشە لە ڕستەدا، دەبیندرێت. جیاوازی ئەم دەقە لە ڕووی سینتاکسەوە لەگەڵ کوردی ئەمڕۆدا دەتوانێ هۆی جۆراوجۆری هەبێت. بۆ نموونە، ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی" لە قالبی بەیتدا گوتراوە و خاوەنی کێش و سەروایە و تا ڕادەیەک تایبەتمەندی زمانی شیعر وەردەگرێت. هەروەها هۆیەکی تری گۆڕانی زمان لە ئاستی سینتاکسدا تێپەڕبوونی زەمەنە. چونکە وەک محمد معروف دەڵێ زمان بە شێوەیەکی گشتی بە هۆی تێپەڕبوونی زەمەنەوە گۆڕانی بەسەردا دێت (محمد معروف، ٢٠١١: ١١٨ و ١١٩). ئەم گۆڕانانە لەو دێڕانەی خوارەوەدا شیکراونەتەوە:

کورەکان گوتیان: "بابە ئەمە چ بکەین لەو کاری ناتەواوە؟" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٨٢)

ڕێزبەندی ئەم وشەیە لە کوردی ئوتوماتیکی ئەمڕۆدا بەم شێوەیەیە:

"بابە ئەمە ئەو کارە ناتەواوە چ لێبکەین؟"

جێگەی ئاماژەیە کە لە کۆی ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی"دا شوێنی کار گۆڕانی بەسەردا هاتووە. چونکە لە یاسا و ڕێسای زمانی کوردیدا، مەگەر بۆ مەبەستێکی تایبەت، دەنا لە ڕیزبەندی ڕستەدا کار دەکەوێتە کۆتایی ڕستە.

"هەر سێ خوشکان جارێکیان لەبانگێ داوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٨٢)

لێرەدا بە دوای ژمارەدا ناو کۆ کراوەتەوە. لە زمانی ئەمڕۆدا دەگوترێت: سێ خوشک. هەروەها بۆ بکەری کۆ کارەکەش بە شێوەی کۆ بەکاردەهێنرێت. واتە دەگوترێت: هەر سێ خوشک لە بانگێیان دا. کەواتە بکەر و کار لە کوردی ئەمڕۆدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

"دایکی زۆری دڵخۆشی و دەلالەت داوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٣٦)

"دەلالەت" لە کوردی ئەمڕۆدا لەگەڵ ڕاناوی "داوە" بەکارناهێنرێت، بەڵکوو لەگەڵ "هێنانەوە" بەکاردەهێنرێت. داوە لەگەڵ وشەی دڵخۆشی بەکاردەهێنرێت. بۆ وێنە دەگوترێت: دڵخۆشی داوە. ئەم جیاوازییە جیاوازییەکی سینتاکسییە.

"داوە لە منیان ڕۆناوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٥٨)

لە کوردی ئەمڕۆدا دەگوترێ: "داوە بۆ منیان ڕۆناوە". واتە جیاوازی لە جۆری پیتی خستنەسەردا دەبیندرێت.

"هەڕۆ بڕۆ" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٦٥ و ٣٨٨)

ڕستەی "هەڕۆ" وەک کارێکی داخوازی لە کوردی ئەمڕۆدا بەم شێوەیە بەکارناهێنرێت. سەرەڕای ئەمەش، بەم جۆرەی کە لە دەقی ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی"دا بە دوای یەکتردا گوتراون، لە کوردی ئەمڕۆدا بەم شێوەیە بە دوای یەکتردا بەکارناهێنرێن.

"جۆتێک ڕەشیشەی دەخوێن" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٦٦)

لە کوردی ئەمڕۆدا دەگوترێ: "جووتێک ڕەشیشە دەیانخوێند". واتە لەگەڵ بکەری کۆ نیشانەی ڕاناوی کۆ دەچێتە دوای پێشگری کارەکە و بە پێی بکەرەکە گەردان دەکرێت. دە + یان + خوێند.

"سبحەینێ کە ڕۆژ کراوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٧٧)

لە کوردی ئەمڕۆدا بەم شێوەیە بەیان ناکرێت، بەڵکوو دەگوترێ: "سبحەینێ کە ڕۆژ دەبۆوە"

"ئەستۆ کەچ بکە ئامانێی لەبەر بێنە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٨١)

ڕستەی "ئامانی لەبەر بێنە" بە واتای ئەوەیە کە مەجالی پێ مەدە. لە کوردی ئەمڕۆماندا ئەم ڕستەیە بەم جۆرە بەکارناهێنرێت، بەڵکوو دەگوترێ: "ئامانی لێ ببڕە".

"هەموو سەدەقیان لێ داوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٨٥)

هەموو پشتراستیان دەکردەوە، تەسدیقیان دەکرد. سەدەق لێدان لە ئێستادا بەکارناهێنرێت.

"نە بکەبرێنی، نە بەسەبرێنی" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١٦ و ٣٨٩)

سەبراندن و کەبراندن چاوگی دەسکرد (مصدر جعلی)ن. واتە دوو ناوی کیبر و سەبرن کە گەردان کراون. ماناکەشی لە بەشی سەمەنتیکسدا لێکدراوەتەوە. نموونەی

چـاوگـی دەسـکردی سـەبراندن لە شـوێنی دیـکەی دەقە فولکلۆرییەکانـدا دەبینـدرێ: بـۆ نموونە ڕەسووی نادری لە دەقی حەیرانێکدا دەڵێ:

"خودا چ نەکا، چ نەسەبرێنی
هەتا دوعای منی قەلەندەری بابان وێران پێک دێنی
حەمەدی بەیتان لە بەهارەدا دەڵێ:
شەو و ڕۆژێ ناسەبرم لەبەر خەمی دە یارێ" (پایانیانی، ٢٠٢١: ٣٢٣)

لە کـوردی ئەمـڕۆدا سـەبر چـاوگـی دەسـکردی لـێ دروسـت ناکرێـت و لە زمـان و ئەدەبدا، بەم شێوەیە کە لەو ئەفسانەیەدا بەکارهێنـدراوە، بەکارناهێنرێت. لەبـارەی چـاوگـی "کەبراندن"یشدا دەبێ بگوترێت: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هیـچ دەقێکـی دیـکەی ئەفسانەیی و فۆلکلۆریدا ئەم وشەیەی نەدۆزیوەتەوە و لە زمانی کوری ئەمڕۆشدا بەکارناهێنرێت.

**٤. سیمانتیکس (Semantics) یا واتاناسی:**

واتـا یەکێکـی دیـکە لەو بابەتـانەیە کە بە تێپەڕبـوونی زەمەن لەوانەیە گـۆڕانی بەسـەردا بێت. وەک مـحەمەد مەعـرووف دەڵـێ گـۆڕانی واتـایی لە چەنـد ڕوویەکەوە ڕوودەدات. ئەو پێی وایە واتا جاری وایە تەسک دەبێتەوە، جاری وایە فراوان دەبێتەوە و جاری واش واتا نزم دەبێـتەوە (محـمـد معـروف، ٢٠١١: ١٢٨). ئەم وتـارە لای وایە کە جـگە لەم بابەتـانەی سـەرەوە، جاری وا هەیە لە دەقێکدا کۆمەڵێک دەربـڕین هەن کە واتـای تـایبەت دەگەیەنێنن و ئێسـتا ئەم جۆرە تەعبیـرە بـۆ گەیانـدنی ئەم جۆرە واتایـانە بەکارناهێنرێت کە پێویسـتە لە ئاسـتی سەمەنتیـکسدا خوێندنەوەیان لەبارەدا بکرێت.

"تەخت و تاراجمان دەکا تەواوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١٤)

خوێندنەوەی ئەم ڕستەیە لە ئاستی سەمەنتیکسدا پێمان دەڵێ کە کـاری تێکدان بۆ وشەی تاراج گونجاو نییە. واتا تاراج کاری تێکدانی لەسـەر ئەنجام نادرێت و ئەم ڕستەیە بەم شـێوەیە بەکارناهێنرێـت و شـێوە ڕاسـتەکەی بەم شـێوەیەیە: تەخـت و تاجمـان بە تەواوی تاراج دەکات.

"نان نانە"
"بابە ئەگەر بچمە کۆلانان
نان نانەم بۆخۆم پێ پەیدا دەبێ" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٢٠)

"نـان نـانە" بە واتـای ئەوە هەر جـارە و نـانێکی بـۆ خـۆم پەیـدا دەکەم و پێـی دەژیـم. وەک ئەوەی دەگوترێ، وردە وردە یا کەم کەم. ئەم وشەیە دوبارە کـردنەوەی دوو نـاوە بە دوای یەکتـردا و لە ئێســتادا بەم شــێوەیە و بــۆ ئەم مەبەســتە بەکارناهێنرێــت. لێـرەدا نــان بە

دوبارەبوونەوە وازی لە واتا سەرەکییەکەی خۆی هێناوە و تەعبیر لە واتایەکی فراوانتر دەکات کە مەبەست لەو بژیوی ژیانە.

"زمانی نەچۆوە دە زارییە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٢١)

زمانی نەچۆوە دە زارییە، بە واتای ئەوەیە کە بێدەنگ نەدەبوو. ئەو زاراوەیە لە بەرانبەر زمان درێژیدا بەکارهاتووە. زماندرێژی بە واتای دەنگ هەڵبڕین و بێدەنگ نەبوونە و زمان چوونەوە دە زار بە واتای بێدەنگ بوون دێت. ئەوە واتایەکە کە لەو ئەفسانەیەدا دەبنیدرێت و لە کوردی ئەمڕۆماندا زمان چوونەوە دە زار بۆ دەربڕینی مانای بێدەنگ بوون بەکارناهێنرێت.

"فەسڵی نەهارێم نییە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٢٢)

ئەوە بە واتای ئەوەیە کە "ئێستا کاتی نان خواردنی نێوەڕۆی من نییە". بەکارهێنانی "فەسڵی نییە" بۆ واتای "کاتی نییە" لە کوردی ئەمڕۆدا بابەتێکی دەگمەنە. چونکە فەسڵ وشەیەکە کە لە فارسیدا بە واتای وەرز دێت و لە کوردی ئەمڕۆدا بە دەگمەن سوود لەو وشەیەوەردەگیرێت. خاسمە بۆ ئەو مەبەستەی کە لە دەقی ئەو ئەفسانەیەدا هاتووە. هەروەها وشەی نەهار کە لەو دەقەدا بە واتای خواردنی نێوەڕۆیە دێت، وشەیەکە کە زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سوودی لێ وەردەگیرێت و لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا هاوبەشە و لە باشووری کوردستان کەمتر بۆ ئەم واتایە بەکاردەهێنرێت.

زمانەیلی کوردی و فارسی سەر بە بنەماڵەی گەورەی هیند و ئەورووپین. واتە ئامۆزا و دەستە خوشکن. جگە لە ئەوەش هاوسێن و زمانی فارسی بە حوکمی ئەوەی زیاتر لە هەزار ساڵ زمانی سیاسی و ئەدەبی بەشێکی گەورەی ناوچەکە بووە، کاریگەری لەسەر زمانی کوردی داناوە.

"لەسەر شەیتان و ڕمووزنێکی تەعین کراوە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٢٣)

تەعیین کردن لەم ڕستەیەدا بە واتای دیاری کردن هاتووە. کەچی لە کوردی ئەمڕۆدا بە واتای دامەزراندن لە ئەرکێکی ئیداری و حکومیدایە. ئەوە گۆڕانێکی واتاییە کە بە هۆی تێپەڕبوونی زەمەن و تەنانەت شوێنی بەکارهێنانی وشەکە ڕوویداوە و لە کوردی ئەمڕۆدا بۆ ئەم مەبەستە بەکارناهێنرێت.

"بلا ماڵی مە لە دوای توو بێ" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٢٨)

مانای فەرهەنگی ئەم ڕستەیە بە واتای ئەوەیە کە با ماڵی ئێمە بە دوای تۆدا بێت کە بە ڕواڵەت هیچ مانایەک ناگەیەنێت و لە ئێستادا ئەم ڕستەیە بەم جۆرە بەکارناهێنرێت. بەڵکوو دەگوترێت، با ماڵی ئێمە بە لای تۆوە بێت نەک پێچەوانەکەی. ئەوە وتەی

لایەنێکە کە خۆی بە باڵادەست دەزانێ و ئەم قسەیە لە بەرانبەر شێخاڵە کەچەڵدا دەکات. کەواتە ڕستەی ناو دەقەکە بە شێوەی ئۆتۆماتیک واتایەکی ئەوتۆ دروست ناکات کە لە زمانی ئەمڕۆماندا هەمان واتا بگەیەنێت و لە ئێستادا بەکاربهێنرێت.

"وە نەبی" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٢٩)

مانای فەرهەنگی ئەم ڕستەیە جیاوازە لەو واتای ناو دەقەکە. ئەم ڕستەیە بە واتای ئەوە دێت "کە وا نەڵێی". کەواتە گۆڕانێکی تەواوی مانایی بەسەر ئەم ڕستەیەدا هاتووە.

"ئەو بێ سوحبەتیانەم بەسەر هاتووە" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣٣٨)

واتای ئەم ڕستەیە ئەوەیە کە ئەم کێشە و گرفت و چەرمەسەرییانەم تووش بووە. واتە، لەو ڕستەیەدا، "بێ سوحبەتی" ناوی واتاییە کە حالەت یا ڕووداوێک نیشان دەدا و بە واتای گیر و گرفت و چەرمەسەری بەکارهێندراوە. ئەو جۆرە بەکارهێنانە لە زمانی کوردیدا شازە و بە زمانی شەعبی یا بازاری لەقەڵەم دەدرێت. چونکە سوحبەت لە چاوگی "سوحبەتپێکردن"دا واتای نەرێنی هەیە و بە شێوەی ئاسایی دەبوو پێشگری بێ واتای ئەم چاوگەی کردبا بە ئەرێنی، کەچی ئەم پێشگرە لەباری ماناییەوە ئەم ڕۆڵەی نەبینیوە. جێگەی ئاماژەیە کە هەندێک وشەی دیکەش هەن کە لە کوردیدا بەم شێوەیە بەکار هێنراون کە لەواندا پێشگری "بێ" ڕۆڵێکی واتایی نابینێت. بۆ نموونە دەگوترێ "بێ فەزیحەتی" و مەبەست لێی فەزیحەتە. لێرەش گوتراوە "بێ سوحبەتی" بەڵام مەبەست سوحبەتە کە بە واتای پێڕابواردن و قەشمەرییپێکردن هاتووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە کوردی ئێستادا ئەم زاراوەیە بەم شێوەیە بەکارناهێندرێت و بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

"نە بکەبرێنی، نە بسەبرێنی" (ئوسکارمان، ٢٠٠٦: ٣١٦ و ٣٨٩)

کەبراندن لە وشەی کبیر بە واتای بە گوناح زانین و بە زۆر زانینە (دهخدا، ١٣٧٣). کەواتە ڕستەی یەکەم (نە بکەبرێنی) بە واتای ئەوەیە کە لێم بە گوناح وەرمەگرە و بە زۆری مەزانە. لەو ڕستەیەدا چاوگی دەسکردی کەبراندن و سەبراندن گەردان کراون کە لە کوردی ئەمڕۆدا بەم شێوەیە بەکارناهێنرێن. ئەم دوو ڕستەیە هەر بەم شێوەیە لە بەیتی مەم و زینی خانیشدا هاتووە کە ئوسکارمان تۆماری کردووە و مامۆستا هێمن نوسیوییەتەوە و دواتر عەلی نانەوازادەش جارێکی دیکە تۆمارەکەی ئوسکارمانی بە ڕێنووسی کوردی نووسیوەتەوە. جێگەی سەرنجە کە هیچ کام لەمانە و تەنانەت لە هیچ شوێنێک مانای ڕستەی یەکەم لێک نەدراوەتەوە و ئەم وتارە ئەم مانایەی سەرەوەی بۆ دۆزیوەتەوە. گەردانکردنی چاوگی لە بابەتە فۆلکلۆرییەکاندا بینراوە کە سەبر بەم شێوەیە گەردان بکرێت. بۆ نموونە ڕەسووی نادری دەڵێ:

"خودا چ نەکا چ نەسەبرێنی

هەتا دوعای منی قەلەندەری بابان وێران پێکدێنی"

حەمەدی بەیتانیش لە بەهارەیدا دەڵێ:

"شەو و ڕۆژ ناسەبرێنم لەبەر خەمی دە یارێ"

بەڵام لە کوردی ئەمرۆماندا ڕستەی بکەبرێنی بەکارناهێنرێت و تا ڕادەیەکی زۆر هەڵگری مانایەکی نادیار و نامۆیە.

**ئەنجام**

ئەم لێکۆڵینەوەیە نیشانی دا کە زمان لە ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی"دا بە بەراورد لەگەڵ زمانی کوردی ئەمڕۆدا لە ئاستی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس و سیمانتیکسەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە دەکرێت لەو خاڵانەی خوارەوەدا پۆلێن بکرێت:

- زمان بە زۆر هۆ، بۆ نموونە بە هۆی تێپەڕینی زەمەن، زارەکی بوون، نەنووسینەوەیان لەکاتی خۆی، کارتێکەری زمانەکانی دیکە، بەتایبەتی زمانی باڵادەست و هەروەها گێڕانەوەی جۆراوجۆر گۆڕانی بەسەردا دێت.
- لە ئاستی فۆنۆلۆژی کۆمەڵێک دەنگ، بەتایبەتی ئەو دەنگانەی کە لێک نزیکن جێگۆڕکێیان کردووە. بۆ نموونە دەنگی "ق" بۆ دەنگی "خ" گۆڕاوە. لە هەندێک نموونەشدا پیت و شوێنی پیتەکان گۆڕاون. ئەم ئاستە لە زمانناسی، بە بەراورد لەگەڵ ئاستەکانی دیکەی زمانناسی، زۆرترین ڕێژەی گۆڕانی تۆمار کردووە.
- لە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە، لە ئەفسانەی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی"دا کۆمەڵێک مۆرفیم دەبیندرێت کە گۆڕاون و لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا بە شێوەی نێو ئەو ئەفسانەیە بەکارناهێنرێن.
- لە ئاستی سینتاکسەوە هەندێک گۆڕانی و جیاوازی دەبیندرێت. واتە چۆنییەتی ڕیزبوونی وشە لە ڕستەدا بە بەراورد لەگەڵ کوردی ئەمڕۆدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.
- گۆڕانی زمان لە ئاستی سیمانتیکیشەوە ڕوویداوە. واتە لە هەندێک شوێن وشە و ڕستە کۆمەڵێک واتایان هەیە کە لە کوردی ئەمڕودا ئەم واتایانە گۆڕاون. گۆڕان کە گۆڕان لەم بوارەدا، بە بەراورد لەگەڵ بوارەکانی دیکە، کەمترە.
- کاریگەریی زمانە جۆراوجۆرەکان، خاسمە زمانی فارسی و تورکی، لە ئاستەکانی زمانناسی تیۆریک بەتایبەتی لە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە بەسەر ئەم ئەفسانەیەوە دەبیندرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### زمانی کوردی


- سەیفولقوزات، ئەبولحەسەنی سەیفی قازی (١٣٦١). دیوانی سەیفولقوزات. تاران: نەفیسیفەر.
- سەلاح پایانیانی (٢٠٢١). فەرهەنگی زارەکی موکریان، بەرگی ٩. هەولێر: دەزگای موکریانی.
- عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا (٢٠٠٢، ٢٠٠٣). شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، نامەی ماستەر. هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.
- قادر فەتاح قازی (١٣٥١). شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی. تهران: انتشارات موسسەی تاریخ و فرهنگ ایران.
- محمد معروف فتاح (٢٠١١). زمانەوانی. هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.
- هێمن، سەید حەمەدەمین شێخۆلئیسلامی (١٣٦٢). پاشەرۆک. مەهاباد: سیدیان.
- ئوسکارمان (٢٠٠٦). تحفەی مظفریە. نووسینەوەی هێمن. هەولێر: چاپخانەی ئاراس.
- ئەحمەد بەحری (٢٠٢٠). گەنجی سەربەمۆر. مەهاباد: سەرای هێمن.


### زمانی فارسی


- الکساندر کراپ، کارل آبراهام، مالینوفسکی، ژان کازنو، و لوی استروس (١٣٩١). جهان اسطوره شناسی. تهران: نشر مرکز.
- دریابندری، نجف (١٣٧٩). افسانە اسطورە. تهران: نشر کارنامە.
- دهخدا، علی اکبر (١٣٧٣). لغت نامە دهخدا. تهران: نشر روزنە.
- فتاحی قاضی، قادر (١٣٥١). شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی. تبریز: انتشارات موسسەی تاریخ و فرهنگ ایران، شمارە ١٩.
- کیا مهرداد (١٤٠٢). امپراطوری عثمانی. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی.
- میرچە الیاد (١٣٦٧). افسانە و واقعیت. تهران: انتشارات پاپیروس.


### پێشنیار

دەقە ئەفسانەییەکان لە بواری زمانناسی تیۆریکەوە لێکبدرێنەوە. چونکە لێکەوتەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بۆ پەروەردە گرنگە. واتە گرنگە، قوتابیانی کورد ئاگاداری لایەنی زمانناسانەی ئەم دەقانە بن، چونکە ئەوانە مێژوو و کەلتووری کوردن و پێویستە مامۆستا و وانەی دەرسی ئەو لێهاتووییە و مەجالەیان تێدا هەبێت کە لە ڕووی زمانناسییەوە ئەفسانە کوردییەکان بخوێنن و لێکیانبدەنەوە. جگە لە زمانناسی تیۆریک، زمانناسیی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیی زمان دوو بابەتی گرنگی دیکەن کە پێشنیار دەکرێت لەبەر شۆقی ئەوان دەقە فۆلکلۆرییەکان بخوێندرێنەوە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی زمان بزانرێت، وەسف بکرێت، بە شێوەی ڕەخنەگرانە شیبکرێتەوە و داهاتووەکەی پێشبینی بکرێت. هەروەها لە ڕێگەی زمانناسییەوە مێژووی هزری و فەرهەنگی کوردستان و بنەماکانی و جۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی زیاتر فام بکرێت و پلانی پێشکەوتنی بۆ دابڕێژرێت.

اسطورة "الشيخ فرخ والسيدة أستي" من ناحية علم الأصوات والصرف والنحو والدلالة


**الملخص**

علم اللغة هو العلم الذي يدرس اللغة علميا. ولكل نوع من النصوص عدد من الخصائص اللغوية حسب الزمان والمكان والشكل والمضمون ويمكن قراءة هذه الخصائص وتحليلها من المنظور اللغوي. ومن حيث المضمون، فقد تمت قراءات مختلفة للنصوص الأسطورية، لكن، بحسب الباحث، لم تتم قراءات لغوية كافية للنصوص الأسطورية. هذا على الرغم من أن النصوص الأسطورية هي موضوعات مناسبة لمثل هذه الدراسات. وتَعتَبر هذه الدراسة، من حيث الزمان والكتلة والمضمون، أسطورة "الشيخ فرخ والسيدة أستي" نصا مناسبا للدراسة على مستوى علم الأصوات والصرف والنحو والدلالة. وكان سؤال هذا البحث هو كيف تنعكس الظواهر اللغوية في هذه الأسطورة، وما هي خصائصها، وما هي مفارقاتها مع اللغة الكردية في عصرنا الحاضر وما هي التغييرات اللغوية التي طرأت عليها. على سبيل المثال، استكشف البحث مسألة كيفية تغير الاصوات والكلمات في هذا النص مقارنة باللغة المستخدمة في يومنا هذا. ما هي نسبة هذه التغييرات وكيف تمت هذه؟ وبهذه الطريقة يحاول الباحث اثبات أن اللغة في تغير مستمر، خاصة في الفولكلور، حيث تنتقل النصوص شفهياً و من جيل الى آخر. هذه الدراسة هي محاولة لتحديد كمية ونوعية هذه التغييرات لغويا. وقد قام هذا البحث بدراسة و وصف و تحليل و تفسير و تقييم الخصائص اللغوية لأسطورة الشيخ فرخ والسيدة أستي من اربع جهات، اى من ناحية علم الأصوات والصرف والنحو والدلالة، و تمكن من الكشف عن التغيرات والاختلافات مع اللغة الحالية وفي المجموعات و حقق عدة نتائج. على سبيل المثال، على المستوى الصوتي، في كلمات مثل "طُلْف" التي تعني "طفل"، تم استبدال الصوتيين "ل" و"ف" أو تم استبدال الصوت "ق" في كلمة "مقصود" بـ "" خ" وعلى المستوى الصرفي، يتم استخدام بعض الكلمات مثل "بيرون" و "ولداش" التي لا تستخدم في اللغة الكردية اليوم. كما بيّن البحث بعض التغييرات على المستويين النحوي والدلالي.



**الكلمات الدالة:** *الأساطير، الشيخ فرخ والسيدة أستي، اللغة، علم الأصوات، علم الصرف.*

**The legend of "Sheikh Farakh and Mrs. Asti" in terms of phonology, morphology, syntax and semantics**


## Abstract

Linguistics is a discipline studying language scientifically. Each and every text is of linguistic characteristics based on the time and place as well as its form and content and it could be read and analyzed from linguistic point of view. According to the researcher's studies, the readings of the mythological texts in Middle Kurmanji dialect have, so far, been something far from a linguistic exploration, despite the fact that such texts deserve and call for being delved into in the light of linguistics. This study, with the time taken, the volume of work done, and its themes, has found the text of poetic myth *Sheik Farkh-w Katun Asti* (Sheik Farkh and Lady Asti )worth examining based on phonology, morphology, syntax, and semantics. The questions posed by this study are as follows: (a) What are the impacts of linguistic phenomena in such a text? (b) Of what features are they? (c) In what ways are they different from the Middle Kurmanji dialect spoken in our time? And finally, (d) What are the linguistic changes in the language? The researcher has endeavored to answer the questions "What changes the phonemes and words in the afore-mentioned folklore text have undergone in comparison to those in the language spoken today?" and "How and to what extent have those changes happened? "The present study has tried to display, somehow, as an example, that languages change continually over time, especially in the case of folklore where the text reflects the colloquial language being passed down, by word of mouth, from generation to generation. This study has tried to determine, with the assist of linguistics, the extent of those quantitative and qualitative changes. The researcher, in the trace of the answers to the questions, posed by him ,has examined the linguistic traits of the text of the myth" Sheik Farkh-w Khatun Asti" describing, analyzing , interpreting , and assessing them based on the four fields, phonology, morphology, syntax, and semantics, casting light on the changes having occurred to them and hence, indicating vividly the differences between them and those found in the language spoken in our time , and finally, he has obtained a number of useful results. As an example, one could refer to the phonological change of the Kurdish word *tolf* to the word *tifl* (both meaning infant), or from the word *maghsood* to *makhsood*(both meaning purpose). Morphologically speaking, we come across words such as *biroon* (outside) and *weldaash* (chum, or close friend) which have been obsolete in today's Kurdish language. I would like to refer to a syntax example in the phrase bi *sohbati* (literally : non funniness , but real meaning: ordeals not being a joke) and the semantic one *na bikabreni na bisabreni* (Oh dear God, may you accept my pray before anything your Highness might do).



**Keywords:** *myth, Sheikh Farkh -w Khatun Asti, language, phonology, morphology*.